www.kurdistannet.org
14-8-2003 17:27

# کرێچی

**تانیا ڕەشید هەورامی**

**کوردستان–سلێمانی** 29-6-2003

**چاوەگەشەکانی براژنی خستبووە لەرە، بێدەنگ بێدەنگ بەسەرلاشەی کۆڵانەکەدا هەنگاوی دەناولەمێشکی خۆشیدا ووشەکانی ڕێك دەخستن بۆ ئەوەی کەگەیشتنە لای خاوەن دوکانەکەبزانی ڕستەیەکی بی هەڵە بلًی . . . ناسکیی دەموچاوی وکاڵی قژەخاوەکەی جوانترین شێوەی منداڵیان دەردەخست.**

**تازیاتر نزیکی دوکانەکە دەبووەوە زیاتر لێوەکانی بەزەردەخەنەی شەرم تەردەکرد بەرامبەردوکاندارەکەجارجاری سەری دادەخست هەتاجەستەی لەدوکانەکەبەتەواوی**

**نزیکبووە. ئینجاسڵاوی کردوئەوڕستەیەی کەلەگەڵ یاریکردنی بەردی کۆڵانەکەدانەخەشەکەیشابوو. . ووتی :**

**هەندی کارتۆنم دەدەیتی کاکە؟چونکەماڵمان کۆکردوەتەوەوباردەکەین بەڵکوتۆزی کەلوپەلی تێبکەین.**

**دوای چەندساتێك خۆی لەسەرسوچی کۆڵانەکەیاندابینیەوەودووکارتۆنی پێبوو ئینجا جوان سەرنجی کۆڵان و هاوڕێکانداکەوەستابوون و تەماشای ئەمیاندەکرد کەئیتر جێگای یاریکردنی لەنێوانیاندابەچۆڵی دەمێنێتەوە، یەکێکیان لێی نیزیکبووەوە و ووتی :هاهەرئەبی بڕۆن؟ئەمیش هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو ووتی :بێگومان چارمان نیە. ڕستەی دوای ئەوەی نەوت کە لە بەر گرانی کرێیە دەبی خانوەکەچۆلبکەن.**

**بەناچاری ماڵئاوایی لەهاوڕێکانی کرد. کەوتەڕی وبیریکردەوە کەهێشتا تەمەنی هەشتساڵەوتائێستا پێنج کۆڵانی گۆڕیوە، پێنج شوێنی یاری بەجێهێشتوە، پێنج تاقم هاوڕێی ناسیوەوپێنججارلەپشتی تراکتۆرەوەسواربوە. هەمووجارێکیشدایکی فیریکردوەکەفرمێسکەکانی لەزیندانی چاویدابەرنەدا، هەرچەندەدەردی کریچیەتی باوکی توشی تووڕەییوخەمکردبوو. ئازاری سەختی ژینی گریانی لەخودی ئەمدابەرپاکردبوو. کەدەچووبۆماڵی باپیری دەی ووت:پوری !ئێوە هەمیشە لەم خانوەدان، ئاه ئێوە خۆشتانە، بەڵام ئێمە کرێچین پێمان ئەڵێن (کرێچی وقەرەچی ) . . .**

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەکەیەتی ، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.